# تیری ڕۆژگار

ستران عەبدوڵڵا



هاوڕێیان ئاریان محەمەد، نزار خەسرەو و
ڕێبوار محەمەد یوسف، هەریەکەیان بە
چەشنێک، یاریدەی تیرهاویشتنەکانیان دا.

تیری ڕۆژگار

# تیری ڕۆژگار

**ستران عەبدوڵڵا**

٢٠١٩

**ناوی کـتـێـب:** تیری رۆژگار

**نووسینی:** ستران عەبدوڵڵا

**دیزاینـی:** شۆڕش ئەحمەد

**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم- ٢٠٢٠ سلێمانی

**چاپ:** چاپخانەی کارۆ

**تیـراژ:** (٥٠٠) دانە

**ژمارەی سپاردن:** لە بەڕێوەبەرایـەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٨١٤)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێ دراوە٠

# تیری رۆژگار

تیـری رۆژگار خـۆی بـەوە دەرکـەوت و ناسـرا کـە کۆمێنتێکـی کـورت بـوو لەسـەر وێنەیـەک. بۆیـە پێشـەکی نـاوێ، یاخـود نابـێ پێشـەکییەکەی درێـژ بـێ.

"تیـری رۆژگار" وەک لـە ناسـاندنەکەیدا دەردەکەوێـت تیرێکـی رۆژانـە بـوو تـا جێـی وتارێک بگرێتـەوە و لـە سۆشـیال میدیـا، بـە فەیسـبوک و تویتـەر و ئەنسـتگرامییەوە، ریتمـی کـورت و پوخـت و پەلـەی هەبـێ.

جـا مـن کـه ژیانـی ڕۆژنامەوانیـم بـه وتـاری درێـژ و ڕۆژنامـەی کاغـەزی دەسـتپێکرد بـەم ئاخـری عومـره خـۆم هاوێشـته نـاو دونیـای جەنجاڵـی سۆشـیال میدیـاوه و ئەمـەی لـێ کەوتـەوه کـه لێـره بـۆ یـادگاری ڕۆژگار هێشـتومەتەوه. وەک ئـەوه وایـه لـه حەیـران و مەقـام و غەزەلـی درێـژەوه دەسـت پـێ بکەیـت و بـه گۆرانـی گەنجانـەو ڕاپـەوه لێـی دەربچیـت.
ئێـوه دەڵێـن چـی؟

ستران عەبدوڵڵا

زستانی ٢٠١٩

هەولێنامەی کتێب



1

سواڵی دەنگ و سواڵی لایەك سەری دیموکراسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوا
خۆی لە بنچینەدا هێشتا دیموکراسیی ڕۆژهەڵاتی لە سەرەتایە.
ئەم سواڵە وەك سواڵی خێرخوازان نییە کە بەرئیوو بێ وەی بێت، کاری خێری لە پشت بێ. ئەم سواڵە دیموکراسی و کارەکتەرەکانی ئەشێوێنێ و پەیوەندی پێکەوەیی مرۆڤەکان ئاڵودە دەکات.




2

شانۆنامەی شکسپیر: کۆمیدیای هەڵەکان، جێ گورکێ بە کەسایەتییەکان دەکات تا وای لێ دێت خزمەتکار بەناوی خواپێداوەوە حەز لە خزمەتکارێکی تر دەکات کە خۆی خواپێداوە لە بەرگی خزمەتکاردا خۆی حەشار داوە. شکسپیر نەما تا چیرۆکی ئەو عیشقە دارێژێ، بۆیە ئەم کاریکاتێرە هەیە کە توانج لە تویت و بەکاربەرانی دەدا.




3


جیهانی گریمانەیی مەترسیدارترین دیاردەی تۆڕەکانی سۆشیال میدیایە. بازنەیەکی داخراوە کە وەهمی گەشبینی و لە خۆ رازیبوونی تاك بەرەو پێدەدا. گوایە پەیوەندی هەمەلایەنە بۆ مرۆڤ دابین دەکا، بەس تۆڕەکان دەبنە زنجیر و قەفەسی زێڕین. پەکوو چ قەرەباڵەغییەکی وەحشەتناکە؟!



## 4

تا ئێستا ڕەوتی شارستانی بەهەموو پەرەسەندن و وێستگە دوور و درێژەکانییەوە نەیتوانیووە هاوسەنگی لە نێوان نەشونمای عەقل و تا دێ باڵاترکردنی تەکنەلۆژیا و زانستی موجەرەد دروست بکات، بۆیە لەهەموو سەردەمێکدا ئەم گرتەیە هەیە و ئەو تویتە دووبارە دەبێتەوە.

5



تـۆری سۆشـیال میدیـا بازنـەی بەشـداری دیموکراسـی فراوانـتر کـردووە و چەکـی ڕا دەربڕینـی داوەتـە دەست خەڵکـی بێدەرەتـان و بـێ مینبـەر، بـەڵام وەك هـەر چەکێکـی تـر زیانیشـی هەیـە، لەوانـە: تیـرۆری کەسـێتی و دەموچـاوی داپـۆشراو و بیـرو بـاوەڕی دەمامکـدار.

هەوالنامەی پێر



6

ئاماژەکانــی رێــگا تێکــەڵ و پێکەڵــن، ســەر لەرێبــوار دەشــێون.
شــیوی فــرە کابــان دەســوتێ ، کەرەســتە خەســار دەکا و کەمتەرخەمانیــش وەك بەرزەکــی بانــان تێــی دەتەقێنــن.
بــەڵام پەیامــی روون رێــی ئاوەدانییــە و رێبــواری دڵســۆزی زۆر دەبــێ.

کتێبخانەی هەواڵنامە

7



گەڕان بەدوای راستییدا نە وەکو جاران چرای دەیجونی فەیلەسوفی دەوێ و نە وەك ئێستا تلسکۆبی گەرەکە. هەر ئەوەیە ڕاستی بە چاوی دڵ ببینی. راستی خۆی ،نەك تەعدیلاتەکانی کە یەکسانە بە بەتاڵکردنەوەی لە جەوهەرەکەی.



8


ئەگـەر دڵ ئـاوەدان بێـت، لـە نـاو دیمەنـی زاڵـی تاریکـی و نارێکـی و وێرانەشـدا رۆشـنایی هەیـە .

فلکۆر ئێژێ :

ئەگەر بێتە کار سۆزی گۆرانی

نە چۆڵ ئەپرسێ، نە ئاوەدانی.

هەواڵنامەی کتێب



9

شام شەکرە، لێ وڵات شیرینترە

شیری قووتوش،وەك دەگێرنەوە،خراپ نییە، بەس


شیری دایك خۆشترە

سۆشیال میدیاش، لە سایتی تا خوردەواتی، بێ

کەڵك نییە،

بەڵام هەر کتێبە خۆراکی گیان.

هەواڵنامەی کتێب



10

پلەبەنـدی و هەرەمـی کار گرنگـە، بـەڵام ئەمـە زیاتـر بـۆ دامـەزراوەی بیروکراسـی وکۆمپانیـا باشـە، کاری سیاسـیی و تێکۆشـان بـۆ چاکـەی گشـتی، جگـە لـە پلەبەنـدی، هەڤاڵبەنـدی و گیانـی هاوبەشـێتی تێکۆشـان لەپێشـترە.

کتێبخانەی هەوارنامە



## 11

ئەم تیری رۆژگارە تیرێکی رۆژانەیە
تا منداڵین خەیاڵمان لە سەر کارەکتەری خۆمان خەیاڵی دۆنکیشۆتە لە رۆمانی ئایندەدا. کە گەورەبووین ئاشی واقیع و جەبری رۆژگار وامان دەهاڕێ کە ئەگەر پاڵەوانیش بین خۆمان بە بچووك و لاواز دێتە بەرچاو.

## 12



لــه ئەدەبیاتــی فیکــر و نووســیندا بــە لەشفرۆشــی دەگوتــرێ کۆنتریــن پیشــە لــە مێــژوودا، چونکــە وەســفی دونیــاش هــەر لەدیدگایەکــی نێرینــەوە دەکرێــت، دەنــا پیشــەی تریــش هــەن.

هەوانامەی کتێب

## 13




دیاردەی چاو خەڵەتێنەر زۆرن، ئەو چاوەی گۆرانی شاعیر دوعای لێ کرد پەڕی باڵی هەڵوەرێ چونکە بیرەوەری دوورەکان ناهێنێتەوە حزور، لە واقیعدا فێڵی زۆر لێ دەکرێ. بەداخەوە پیشەکەی ئێمەش، ڕۆژنامەگەری، جار بە جار لەو تاوانەوە تێوە دەگلێ.

هەواڵنامەی کتێب

## 14




داشـی دامـه، داشـی سـواره ، داش بـه داش، ئەمانـه
گوزارشــتەکانی کــوردن لــه وەســفی سیاســەت و
پێچاوپێچەکانـی دا، بـەڵام دونیـا دەمێکـه پشـت بـه
دەسـکەلای شـەترەنج و ئاڵۆزییەکانـی دەبەسـتێ...
بۆیـه نـه لێـی تێدەگەیـن و نـه لێـمان تێـدەگات.



15

گوایـه کۆنترۆڵـی چـوار دەوری خۆمـان دەکەیـن، پەیـام و پەیوەندییـمان کارایـە. لەوانەیـە خۆمـان مەسـیحێکی هاوچەرخـی لـە خاچـدراو بیـن «دەبێ حاڵی چ بێ کۆتر لە تۆڕا»؟

هەواڵنامەی کورد



16


گفتوگـۆ و ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا هـەر تەنهـا بـۆ
دیموکراسـیی و خوێندنـەوەی ئەویـتر بـاش نییـە، کـە
ئـەوەش بەهـای خـۆی هەیـە، بەڵکـو لـەوەش گرنگـتر
وەرگرتنـی ئەزمـوون و کامڵبوونـی دونیابینییە. سـەری
سـێیەم هەمەرەنـگ و پڕتـرە.

## 17




هەمــوو ســەرکەوتنێك بــە خوێــن و فرمێســك و ڕەنــج بەدیدێــت، بــەڵام هەندێکیــان هــی خۆتــەو هەندێکیشــی خوێــن و فرمێســك و ڕەنجــی خەڵکــی تــر. یەکەمیــان خەبــات و تێکۆشــانەو دووەمیشــیان (خەباتــە) و (تێگوشــینە). هەڵبــەت ئەمــە یارییەکــی زمانەوانــی نییــە، یــاری زەمانەیــە.

کتێبخانەی هەولێر



## 18

خولانەوە لە بازنەیەکی داخراودا جولانەوە بێ هودە دەکات. ماقول چییە بەهەمان کەرەستەکانی دۆڕان چاوەڕێی ئاکامێکی باشتر بکەیت و کەوتن و کەتنت بە نسیب نەبێ. خولانەوە بە دەوری کۆندا تلاندنەوە دەلاوێنێتەوە و هیچی تر.




## 19

دەگوتریَ دڵ ئاوێنەی دڵە. ڕەنگە تارمایی روونتر گوزارشت لە دیمەنی دەرکەوتوو بکەن و ڕاستییەکە بڵێن. ڕێوی یان گورگ ئەگەر ڕێشبکەون لەسەر پێستی ئەویتر ریکدەکەون. یان لەوانەیە چاوەڕێی دۆخێکی باشتر بن بۆ پاشقول لێکگرتن. جا بەوە دەڵێن: هاوپەیمانی شەیتان کە جیایە لە ڕێککەوتنی جەنتلمانی.

# 20

یــان ئەوەیــە بــە شــێوەی هەڕەمەکیانــە ژمــارە و تیشــێرتی یاریــزان لەبــەر دەکرێــت. ئەوە کارەســاتێکە. یاخــود تیمــی یــاری بــە میــزاج دادەنرێــت کــە ئەمــەش کارەســاتێکی گەورەتــرە. ئەگینــا چــۆن ئــەم ژمارانــە یەدەکــن؟!




کتێبی هەواڵنامەی



21

خۆی زمان بۆ پەیوەندی و راز و ڕا دەربڕینە.
ئەگـەر تەکنەلۆجیـا وا پەلـە بـکات وەك دیـوار بەندەکانـی مێـژوو کـە ئامـاژە جێـی زمـان بگرێتـەوە، ئیـتر حەوجـە بـە دەم و زمـان نامێنـێ.

هەوارگەی کتێب



## 22

حەریفی لە کار و پیشەدا پێویستە، بەڵام ئینتما
بۆ کەیس و کێشەش بەهایەکی ئەخلاقی گەورەیە.
ئەگینا دڵرەقی لە درزی بێدەنگییەوە دزە دەکات.



23

شـــوێپێکان گـــەورە بـــن یـــان بچـــووك گرنـــگ نییـــە، گرنـــگ ئەوەیـــە لەســـەر زەمینەیەکـــی پتەوبێـــت کـــە رەشـــەبا و خۆڵـــی بیابـــان نەیسرنـــەوە. بمێنـــن و ئاماژە بـــن بـــۆ رێبـــواری تـــر.

هەوارنامەی کتێب

# 24

(سـەر بـە قـوڕ دێنێتـە پێکەنیـن) ئیدیۆمێکـی کـورد و کرمانجەکانە.گوزارشـتە لـە بوونـی حاڵەتێکـی نەشـاز و چـاوەروان نەکـراو کـە ئەهلـی خـەم و کەسـەریش ناچـار دەکات بەرگـی تـازێ فرێبـدات و پێبکەنێـت. ئـەوە کرمانجـە وایـە، ئـەی توخمـی مەیمـون بـۆ وا دەکات؟



## 25





کایـەی کشـتوکاڵ جێگیـری و هەرەوەزییـە، بۆیـە ماکـی چانـد و شارسـتانییە. لـە خـۆڕا نییـە زمانیـش پـڕە لەدەسـتەواژەی کشـوکاڵی. تەنانـەت بـە شرۆڤـەی ئـەم وێنەیـەش دەڵێـن: شـەن و کـەو.



26

بنەماکان راست و دروستن، سەوزەڵانی حەقیقەت مۆتۆڕبەیان دەکات، نەك بەلارێدا دەیانبات. هەر فەنتازیایەك بە کاربێنیت ١+١ دەکاتە دوو، نەك ژمارەیەکی تر.



27


فەرهەنگــی نێــر ســالاری دیزاینــی وا کــردووە کــە ڕێــگای خــۆی تەختــەو ڕێــگای ژن دژوار. چارەســەر جیــاکاری ئیجابییــە. بــەڵام زەلامــە بــە هەڵپــەکان دەڵێــن بەشــی خۆشــمان نــاکات!

28



بانێکـە و دوو هـەوا پەندێکـی کوردەوارییـە کـە گوزارشـتە لـە تـەرازووی لاسـەنگ، گوزارشـتە لـە پێـوان بـە دوو پێوانـە. وەك ئـەم وێنەیـە.

## 29



بەشداریکی تەنانەت لاوەکی و لابەلای ڕێرەوی گەشەی تەکنەلۆژیای نوێ نەبووین. لەوەناچێ بەشداریکی چالاکی باش بەکارهێنانیشی بین. ئاماژەکان وا دەڵێن.





## 30

ئەگەر کەسێك گەردن کێڵ بێت پێی دەڵێن شا بە سەپان نازانێ. ئەی ئەگەر سەپانێك لەسەر عەرشی بەردین دانیشتبێ؟

## 31



دیوانمـان پـڕە لـە غەزەلـی جـوان، هـەر بـەو کۆپلـەوە نووسـاوین: کەسـێ شـێتانە بـەردم تێبگـرێ مـن بەرقی تێئەگـرم. مەسـەلە خۆشەویسـتی مەحـوی نییـە کـە جوانـتری هەیـە، بـەڵام ئـەوە خـۆش دێتـە گوێـمان کـە پاکانـەی زمانـی زبرمـان دەداتـێ.

## 32




ئۆلەمپیـادی میللـی یـاری زیاتـری تیایـە، ئەڵقـەی چانسـی بەشـداری فراوانـترە، وەك پێنـج ئەڵقەکـەی پێنـج کیشـوەرەکە نییـە، بـەس داخەکـەم، چونکـە خۆرسـکە قانـون و قاعیـدەی تیـا نییـە. بۆیـە زوو زوو تیـپ هەڵدەوەشـێتەوە.



## 33

مرۆڤ نابێ سیاسەت لە گەڵ هاورێی خۆی بکات. ئەوە دەبێتە پاشقول گرتن. بەڵکو دەبێ لەگەڵ هاورێدا سیاسەت بۆ ئامانجی هاوبەش بکات. بەوە دەڵێن خەبات.





## 34

تەنانـەت ڕۆژئـاواش ناوبانگـی لەکـەدار بـوو کـە لـە بۆسـنیای سـەردەم ڕاکێـش ڕاکێـش قەومـا. چاوەڕوانی ئارامـی بەتەنیشـت ناسـنامەی نیگـەران و کاتییـەوە، خـۆش باوەڕییـە.



35


بێدەنگییـەك، بـەڵام داهێنەرانـە، باشـترە لـەوەی ببیتـە بەشـێك لـە قیلوقـاڵ. لەشـاپلن بپرسـن تـا بـە بێدەنگی جوابتـان بداتەوە.

## 36



عەرەب ئەگەر لە شتێك تێنەگا دەیگوت گریکییە، ناخوێنرێتەوە، تورك ئەگەر شتێکی لێ عاسێ بێت دەڵێ شیعری عەرەبییە. راشکاوی هەندێکیش دەڵێی سەروتاری چینییە، تەرجەمەی پێویستە.

37




کتێبـی مێـژوو پڕیەتـی لـەو هێـزە مەزنانـەی هاتـن و چـوون و خاوەنەکانیـان لێـی خەوتـن. ئەسـکەندەری مەکدونـی پێـش زایـن کـەوت و مەنگۆلیـاش لـە ئیمپراتۆریـای جەنگیزخـان هـەر پەیکەرێکـی گـەورەی خانـی بـۆ ماوەتـەوە، لـە نـاو جەرگـەی ئـۆلان باتـوری پایتەختـدا.



38

ئـاش لـە خەياڵـێ و ئاشــەوان لـە خەياڵێ..شـۆرباى ڕەمـەزان ســاردبۆوە، جــەژن هــات و هێشــتا ئايپاتەوانــەكان ســەرقاڵن.




39

هـەر دە سـاڵ جـارێ عەدنـان قەیسـییەك پەیـدا دەبێـت و دەكرێتـە پاڵـەوان. هەمـوو یارییـەكان دەباتـەوە و دوایـی ئیشـەكە سـیناریۆ و فشـە دەردەچـێ.

## 40



پـارەو پـاوەر و پێگـە وەکـو لـە گۆڕەپانـی ژیانـدا چەپڵـە و هوتافکێشـانیان بـۆ دەکـرێ، لەکایـەی سۆشـیال میدیاشـدا لایـەك و پاڵنـان و پـارەدار کـردن مسـۆگەر دەکات. بۆیـە سۆشـیالیزم لـە سۆشـیال میدیاشـدا تەنهـا خەونێکـی خۆشـەو هیچـی تـر.



41

پرۆسەی سیاسیی لە وڵاتی ئێمەدا وەك ئایكۆنی لابوری وایە، چونكە بنكەكەی یەكە و تێكەڵە. شێوەی سەرەوەی هەر چۆنێك بێت، باریك یان پان، ڕێك یان قۆپاو، سەرەنجام ئاستی ئاوەكە چوون یەكە.



42

هەندێـك جـار تەكنەلۆژیـای پەیوەنـدی لـە جیاتـی نزیكایەتـی، مرۆڤـەكان دوور دەخاتـەوە.



43

بەرێـز گرامافـۆن تـا نیوەی یەکەمی سـەدەی بیسـتیش نـازی جوانـی دەفرۆشـت و کـەس نەیدەوێـرا بـێ بـە لایـا. نانـی شـایەر و حیکایەتخوانەکانـی بـڕی. گوڵـی کۆشـکی گـەورەکان و مایـەی ڕەواجـی چایخانـەکان بـوو. وایزانـی مێـژووی لای خـۆی قفـڵ داوە. کام ئامێـری ئێسـتا فیـزی زلـە، بـا ئـەم چارەنوسـە ببینـێ؟

## 44

پەشـــمەك فـــرۆش وەك زەمبيـــل فـــرۆش وايـــە، بـــا كەســـابەتەكەی گوزارشـــت بێـــت لـــە هـــەژاری و بێدەرەتانـــی، بـــەڵام لەرێـــی دەرویشـــی و راســـتی لا نـــادات.



# 45



لــە حیکایەتــی قەدیمــدا دایکــە ئەســڵییەکە دڵــی نایــە زۆر قۆڵــی منداڵەکــە راکێشــێ، چونکــە جەرگــی خۆیەتــی، بۆیــە هەمیشــە دۆڕاوە لەبــەردەم مودەعیــی دایکایەتیــدا.



## 46

تۆمەت و تەشهیر مرۆڤی سەردەمی هەراسان کردووە. چونکە قەزاوەتێکی یەکلاکەرەوەش نییە، بۆیە کەس رەش و سپی پێ لێك جیا ناکارێتەوە،
نالی وتەنی: هەردوو سیان




47

کـە جەمـاوەر هـی تیپـی بەرامبـەر بێـت، یاریـگای خـۆت نەبـێ و حەکەمیـش وەك حەکەمەکانـی جارانی ئاسـیا شـتێ بەرتیلـی وەرگرتبـێ، لـە دۆخێکـی وادا دەرچـوون بەیەکسـانی: سـفر سـفر، بـە بردنـەوە حیسـابە.

## 48

وەکو هێزی نەرم هەیە، جاسوسی نەرمیش پەیدا بووە کە بۆ بێزارکردنت ئەندێشە و سیپارەی نووسینت دەپشکنێت. مەسەلە کڕینەوەی وەختە پێش بڵاوکردنەوەی بە چرکەیەك.





49

هەوڵبـدە بـە هێمنـی بیـرو باوەڕەکانـت بچەسـپێنی لـە جێـی ئـەوەی بـە دەنگـە دەنـگ بیسـەپێنی.



50

ئەڵقـەی پەنجایـە، دەیسـا تیـری ئەمـرۆ ئێـوە بیهاوێـژن. یـان وەکـو تەلەفزیۆنەکانـی ئەمـرۆ ئێـژن: مایـك ئـازادە.




51

ئـەوەی بـە منداڵـی بـە دەسـت پـڵاو بخـوات بەگەورەیـی کەوچـك لـە هەمـوو شـتێك وەردەدات، چونکـە ئەدەبـی مامەڵـە لـە ئەدەبـی خواردنـەوەوە دەسـت پێـدەکات.



52

پۆستێکی گەورە بە «پۆستێکی» فەیسبوکیی بەهەژێ و بتەزێ و بتەقێ مانای وایە ئەو پۆستە لە ئەسڵدا ئەوەندە ڕەگ داکوتاو نییە کە جێی هیوا و پشتوپەنا بێت.




53

وەك گۆرانییە فلكلۆرییەكەی لێ هاتووە:

بزمارەو بزمارە...

بزمار نییە و مێخە.






54

کتێبـی بیـرەوەری هەمـوو زیندانییەکـی خۆڕاگـر کـورت یـان درێـژ، نۆڤلێـت یـان سـێینە بێـت، هـەر سـەبری ئینقلابـی دەلاوێنێتـەوە و ئومێـد پـەروەردە دەکات. ئـەم وێنەیـە ئـەو کتێبـە چـڕ دەکاتـەوە.

55



جـاران تەزبیـح و کلیـل و دەمانچـە، ئێسـتاش دیلـی دەسـتی ئـەم کەلەپچەیەیـن.






56


توێژینـەوەکان دەڵێـن ژمـارەی چوارینەکانـی خەیـام ئەوپـەڕی ١٢ دانەیـە، کەچـی نزیکـەی ١٢٠٠ی دراوەتـە پـاڵ. بۆچـی؟

مـرۆڤ حـەزی لـە حیکمەتـی زۆرە؟ حـەزی لـە بوختانـە؟ یـان ترسـنۆکە و راز و ئەندێشـەی خـۆی بـە ئیمـزای عومـەر خەیامـەوە تۆمـار کـردووە؟




57

ئەگەر سەنگی گەلت لەگەڵ نەبێت ناتوانیت بە ڕاشکاوی و جورئەت و ئازایەتییەوە هەڵوێستەکانت رابگەیەنیت. چونکە هەر گەل هاوسەنگیت رادەگرێت.




58

حاجی قادر سەد ساڵ پێشتر گوتی:
(سەد قایمە و قەسیدە، کەس نایکڕێ بە پولێ
رۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان)
بەڵام ئێستا غەزەتەچی وەکو ساموراش سەیر
ناکرێ، وەك تیرۆریستێك وایە کە هەر جولەیەك
بکا، دەنگی خشەی دێت.




## 59

دۆزینەوەی ڕێوشوێنی ئاوەدان و بژوێن بۆ دەستپێکی هەر کارێك سەرەتای سەرکەوتن و نیوەی ڕێگای بردنەوەیە. دەستپێك هەڵەبێت ئەویتر چیرۆکی ڕەنج بە خەسارییە.




## ٦٥

ده تیـر جارێـك تیرێـك بهاوێـژه . ئەمـرۆ مایـك ئـازاده
و تیـری تـۆ بـه ده حسـێبه.



61

خوێندنـەوە بـە ڕواڵـەت بێدەنگـی و تەنهاییـە، بـەڵام لـە جەوهـەردا دیالۆگێکـی ئاوەدانـە. دادگا و ڕەخنـە و جێگۆڕکێیـە. حوکمـی تیـا نییـە. دانیشـتنێکی کراوەیـە تـا دانیشـتنێکی هەمیشـە کـراوەی تـر.





## 62

دایکێــك نییــە پێرفێکــت و بــێ کەموکــوڕی بێــت. بــەڵام ئەنــدازەی کەموکــوڕی یــان کەمالــی دایــك پەیوەنــدی بــە قەبــارەی قوربانییەکانییــەوە هەیــە.



63

خێزانـی ئەمـرۆ و پەیوەنـدی کۆمەڵایەتییـش گەرموگـوڕی جارانـی نەمـاوە. هەریەکـەو لـە دونیـای خۆیەتـی. باعیسـی ئـەم دابڕانـەش شـتێکە ناویـان نـاوە: ئامرازەکانـی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی.

64



دیموکراسی دیزاین کراو وەك دیموکراسی ئاراستەکراوی سیستمە تۆتالیتارەکانە، لە قازانجی ستەمکاران و نەتەوە سەردەستەکانە. وەك «موافچی» زەمانی نوری سەعید.




65

هەندێـك تەنهـا وزە و رەی ڕەسـەنی خـۆی بـۆ سـەرکەوتن و پاشەکشـێ لـە گەمـەی مـار و پەیـژەی ژیـان دەخاتەگـەڕ. هەشـە تەنها بـە ڤیاگرای سیاسـیی هەنـگاوەکان کـورت دەکاتـەوە. بۆیـە زوو هەناسـە سـوار دەبێـت.

66

ئەسپەکەی تـرواده رەمـزه بـۆ دزەکردنـی دوژمـن لـه واقیعـەی ئلیـازەو هۆمیرۆسـدا. دەسـتچێنی دوژمـن قەڵاکـه لـه نـاوەوه دەگـرن. دووبـاره بونـەوەی دیمەنـی ئەسـپی تـرواده لـه هـەر مەملەکەتێکـدا نیشـانەیه بـۆ ئافـات و بەڵگەیـه لەسـەر ئـەوەی خەڵکـی ئـەو مەملەکەتـه مێـژوو بـه چیرۆکـی گـوێ ئاگـردان تێگەیشـتوون. نـەك بــه دەرس و دەور.





67


نالی لەسەر حاکمی مەعزول دێرێکی هەیە . شێرکۆ بێکەس یەك چامە. کەنەدی سەرۆکی ئەمەریکا کە کورسی بە دڵەوە نەنووسا و تیرۆریان کرد، داخ دەخوا هەندێك خزمەت هەیە هەر بە کورسی حوکم دەکرێت.

کورسی بەڵایە ئەگەر بەهرە و سەنگی نەبێ. سواری سەری خاوەنەکەی دەبێت. هەڵپەی کورسی نەخۆشییە. هیمەتی رۆڵگێران رێی ئاوەدانییە.




68

میدیـا بەشـێکە لـە فـەزای گشـتی هـەر وڵاتێـك. کـە فەزاکـە ئالودەبـوو بـە نارێکـی، میدیـاش بـێ بـەری نابـێ لـە شـێواندنی دیمەنـی راسـتییەکان. بگـرە لەوانەیـە جـەلاد بـکات بـە قوربانـی و بـە پێچەوانەشـەوە.



69

ستراتیجی زەرەری خۆ و تۆپینی ساحبی. لەناو نەتەوە نەگبەتەکانا باوە. عومرێکی درێژ و توانایەکی زۆری بۆ خەرج دەکرێ. تا وابێ، ماڵ ئاوا نابێ.



70

تۆپی خڕ بە هەڵبەز و دابەزی خەریکە ئەچێتەوە سەر ئەسڵی تۆپە خڕەکەی زەوی کە شاعیرەکان هەزاران بەیت و قەسیدەیان لەسەر بێ باری وتووە. هیوای منداڵانی هەژارە تا پێدەگەن. جگە لە یاریزانی چانسدار سەد هافیلانج و هەزاران کۆمپانیا لە رەنجی دەخۆن.

71



خەیاڵی فراوان هەموو شتێکی لەدەست دێ. بۆیە پێشینان وتویانە ئەگەر تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێت بەکلکی تەوەریش دەریێسێت.

دەنگەکە دەرنەچووە بەس پێشبینی دەکەم گۆرانی بێژەکە دەڵێت:

ئەگەر بێتەکار سۆزەی گۆرانی
نەچۆڵ دەپرسێ نە ئاوەدانی.



72

لای هەندێـك ئـەو نانـە نانـە ئـەورۆ لـە خوانـە. هەندێکیـش دەڵێـی قـەت نانوپیـازت لەگەڵیـان نەخـواردووە، بۆنەتـە نانخـۆری سـفرە دڕ. دەشـڵێن راستە نـان بـۆ نانـەوا، بـەڵام گۆشـت عەزیـزە بۆچـی بـە قەسـابی بسـپێرین؟ پشـیلە باشـترە.... مەگـەر هـەڕ بڵێیـن بیخـە نـاو نانێکـی گەرمـەوە.



73


گۆڵەکـەی مارادۆنـا لـە جامـی ١٩٨٦دا مشـهورترین گۆڵـی قاچاخـە. نـە تەعـدای ئینگلیـز دژی ئەرجەنتین، نـە خۆلەوتانـدن بـە ئەفیـون، نـە چیرۆکەکانـی فۆرمێکـی چەپانەیـان دا بـە نـەداری مارادۆنـا، هیچیان نەبوونـە باعیسـی سـڕینەوەی فێڵـی دەسـت.

74



وزەی پەرتکـەر و تەوەللاکـردن وزە نییـە، بەڵکـو خەرجـی بەهـەدەردراوەو تۆپەڵـە بەفـری تواوەیـە. وزەی کەمەندکێـش بـە پرژانگـی چـاو کۆدەکاتـەوە.

75



ڕەوڕەوەی مێــژوو ڕەوتێکــە بــێ پســانەوە. پشــووی تێدەکـەوێ، بـەڵام ڕاناوەسـتێ. زامـدار و قوربانیشـی هەیـە، بـەڵام هــەر دەگاتــە جــێ. هێنــدە هەیــە مێــژوو ئیشــی خــۆی لەســەر کارەکتــەری هیــلاك و لادانــی کاتــی پــەك ناخــات.





76

کــە دڵ شــکا گوڵــی یەخــە، بــا زۆر جوانیــش بێــت ناتوانــێ قەرەبــووی بەختــی ڕەش بکاتــەوە. ئــەو کات بــەردەرگاش، وەك ژوورەوە، تەنــگ و تاریکــە.



77


روو ئـەدا کـە سـێبەرێکی رەش بـە ئاسـماندا دێ و دەڕوا، وا دێتـە بەرچـاو کـە هەمـوو دەسـکەوتێك دزرابـێ، بـەڵام کتێبـی ژیـان هـەر مەتـن نییـە. قوژبـن و پەراوێزەکانـی دەڵێـن: سـەبری ئینقلابـی وەك سـەبری ئەیـوب نییـە.

78



درۆزنەکان هەر لە کارتۆنەکان رۆح سووك و خۆش مەشرەبن. لوتیان جوانە و رەنگاورەنگە. لەواقیعدا ترِ زل و سووکی بێ رۆحن، لوتیان دەژنە هەموو شتێکەوە.

79




هەرچی روو ئەدا تازە نییە. رووی‌داوە لە مێژوو و لە جوگرافیایەکی تردا. کتێبیش باسی کردوون، بەڵام رەنگە ئێمە کەم حەوسەڵەبین. بازمان بەسەر ئەو فەسڵ یان ئەم لاپەڕەدا دابێت، یان تەنانەت کتێبەکەمان سووتاندبێت، بۆیە لێمان رووده‌داتەوە.





80

هەندێك هـەرزان فرۆشـی دەبینیـن کـە بـە مانـای وشــە نرخێکــی بــەلاش و حەلاشــە. بــاوەڕ ناکــەم کڕیـار خـۆی ئـەو نرخـە کەمـەی پێشـبینی کردبـێ، بۆیـە پارەیەکـی زۆرتـری لەماڵـەوە ڕەچـاو کـردووە.



81

کەموکوڕی خۆیان و ئەحبابیان نابینن. هی خەڵک، با بچووك و کورتیش بێت، گەورە دەکەن و هی خۆیان دادەپۆشن. ئەوانە رەخنەگری بە پەرۆش نین، تەڵەکەبازن و پوشی چاوی خەڵکیان لابۆتە کاریتەکەی چاوی خۆیان.






82

جورعەیەك هیوا باشە

نـازم حیکمـەت دەڵـێ ئـەو کتێبانـەم بـۆ بنێـرن کـە کۆتاییەکەیـان خۆشـە. مەحمـود دەروێشـیش دەیـوت باشـم، خـۆم لەگـەڵ دژواری و ناخۆشـییەکاندا راناهێنـم. بەڵکـو بەسـەریاندا زاڵ دەبـم.




83

پاشـــقولگرتن سیاســـەت نییـــە، بەڵکـــو خولانـــەوەی بەتاڵـــە کـــە دەســـکەوت بـــۆ پاشـــقولگریش ناهێنـــێ. هـــەر بزەیەکـــی کاتـــی و سەرئێشـــەیەکی دائیمـــی بەدواوەیـــە. دوا جـــار پاشـــقولگر وەك مەلەوانـــی درۆزن کەســـی نامێنـــێ سیاســـەتی لەگـــەڵ بـــکات.

84




خەیاڵ گرنگە، بەڵام ئەگەر زۆر نوقمی بوویت.
نەك دەخنكێی، بەڵكو سەریشت دەشكێ.



85

فۆتـۆ ناتوانـێ تـەواوی واقیعەکـە بگێرێتـەوە. کـۆی دیمەنەکـە جگـە لـە قـاز شـتی جوانـتری تێدایـە. لەبەر ئەوەیـە هەمـوو وێنەیـەك دەکرێتـە چوارچێـوەوە.





86

ئـەو کەسـەی نـرخ بـۆ فرۆشـتنی مرۆڤـەکان دادەنێ و پێـی وایـە هـەر یەکـەو نرخێکـی هەیـە کـە دەتوانرێ بکڕدرێـت. لـە ئەزموونـی خۆیـەوە دەڕوانێت.



87

کـەس وا خۆشـباوەڕ نییـە کـە نیفـاق و کاسەلێسـی بەیەکجـاری کۆتایـی پـێ دێـت. بـەڵام گەشـبینی و هیـوا بـە سـنووردارکردنی مەسـەلەیەکی ڕەوایـە.



## 88

پاڵپشت تا ئەو شوێنە باشە دارەڕایی تێپەڕێنی، ئەگینا دەبێتە پاڵدانەوە کە لە کەوتنی حەتمی ناتپارێزێ.

89



بیـر و سیاسـەتی خـراپ لەوانـەش سـتەم و فاشـیزم و شـۆڤێنیزم، پێویسـتییان بـە پشـتیوانی نییـە، هـەر ئەوەندەیـان بەسـە لـە ئاسـتیا بێدەنـگ و بـێ لایـەن بیـت.

٩٥



ئەو سەرە هەر بەرز دەبێتەوە و ئەو قەیتانە هەر دەبەسترێت. هەرەوەها دەشێ ئەو خەنجەرەش بوەشێنرێت. بەڵام دوای هەریەکێك لەو هەنگاوانە ئیتر ئەو دۆستایەتی و هاورێیەتییەی جاران نامێنێت.



91

لە میسر بەوانەی سەری خۆیان کز کردووە دەڵێن حزبی قەنەفە. هەشە وا خۆی لەگەڵ دۆخەکە دەگونجێنێ کە بیجامەکەی ڕەنگی قەنەفەکە دەگرێ. دەنگیشی هەروەها.



92

گروپگەری یانی هەر خەریکی ئەوەبیت بەلەمی خۆت دروست بکەیت، تەنانەت ئەگەر داری کەشتی ناو دەریاشی بۆ ببڕیتەوە. ئیشی ناخوداش هەر وا دەبێ بڵێ: یاخودا.



93

ئـەوەی هەڵپـەی بێـت پێـی دەڵێـن دوو گنـدۆرەی بەدەسـتێك هەڵگرتـووە کـە دوایـی دەبـێ کاڵـەك بـە ئەژنـۆ بشـکێنێ. ئـەدی ئـەوەی شـووتی قـاژ بـکات پەشـیمانی بەچـی بشـواتەوە؟




## 94

مەرج نییە قورمیشکراوەکان بەیەك ئاراستە بڕۆن کە پێیانەوە دیار بێت. هەر ئەوەندە گرنگە هەر یەکەیان کۆمبەسێکی هەبێت.




## 95

جوانــی قاوغــی شــقارتە نەتخەڵەتێنــێ. کۆشــکێکی جوانــە کــە یەکێکــی تەنیــا تێییــدا ئینتحــاری کــردووە. ناوەڕۆکــی بەکەڵــك بڕیــاردەرە.




## 96

ماکیافیلی کە لەسیاسەتدا ناوی بەدە، لە حزوری کتێبخانەدا وتویەتی عەتری بۆنخۆش لە خۆم دەدەم، چونکە ئەچمە مەجلسی مەزنە مرۆڤەکانەوە.



97

وەك كەپسـوڵی چارەسـەر دەردەكـەون، بـەڵام لەوانەشـە حەپـی ژەهـراوی بـن. ئەمەیـە پێـی دەڵێـن هـەم دەردە و هـەم دەرمانیـش.





98

توندڕەوەكان وەك جەمسەر بەرامبەر یەك ڕاوەستاون، جیاوازن، بەڵام لەبنەوە ئەشیایان بۆ یەك دەبێ و قەفیسی تەواوكەری یەكن.



## 99

وێنە دەنگی نییە و مەزەندەی هەیە، پێم وایە یارۆ بە کەرەکەی دەڵێ: هەر ناوی تۆ بەدە، دەنا هی دیکەش هەن، هەون.

# 100




ئەم هەویرە ئاو زۆر دەكێشێ. ئەم گۆشەیەش تیری زۆر هاویشت بۆیە لەژمارە سەد ڕادەوستین. وەك دەگوترێ سەد قەلو بەردێ. سا بەڵكو وەك یەك پاكێچ چاپ ببێ و سا بەڵكو تایتڵێكی نوێ بە یەكمان بگەیەنێتەوە؟